# یەك پرسیار لە سەرۆك و سكرتێری (پ. د. ك) و (ی. ن. ك)

حاجی ئەنوەر

ئێوه چەند ساڵێک پێش ڕوخانی ڕژێمی فاشی بەعس و وا چەند مانگێکیشه بەردەوام باس لە یەکێتی خاکی وولآت و بونی کوردستان وەک بەشێکی جیانەبوەوە لە خاکی پیرۆزی عێراق و گەلی کورد وەک بەشێک لە گەلی عێراق دەناسێنن !! لای هەموانیش ئاشکرایە ئەو خاک و حکومەتەی عێراقە چۆن دروستکراوە !!لە پێشترێکی دووریشدا چ ئێوە و چ ئەندامانی هەردوو لایەکتان قسەی خۆتانتان کردوە سەبارەت بە عێراق و گەلی کورد، کە تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی ئێستاتاند و هاوڕابون لەگەل گەلی کوردا !! .

پرسیارەکەی من ئەمەیە، کە باوەڕم وایە پرسیاری زۆرێک لە مرۆڤی کوردیش بێت ئەگەر ئێوە، منی مرۆڤ وەک کوردێک، بەکەم و بچوک دەزانن بەرامبەر خۆتان و وەلآمم نادەنەوە

هیوا دەخوازم کەسێک وەک خۆم کە ئەندامی ئێوە بێت وەلآمم بداتەوە .

ئێوە کە کوردستان بە بەشێک لە خاکی عێراق و گەلی کوردیش بە بەشێک لە گەلی عێراق دەزانن !! ئایا خوشک و برا عەرەبەکانیش هەروەک ئێوە خۆیان بە عێراقی دەزانن ؟ ئایا پێیان وانیە عێراق بەشێکی جیانەبوەوەی خاکی پیرۆزی عەرەبەو خەلکەکەشی بەشێکی بچکۆلانەی نەتەوەی گەورەی عەرەبە و نەوتەکەشی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) ە و خانەقین و بەدرەو جەسانیش کەوتونەتە دەرگای ڕۆژهەلآتی خاکی پیرۆزی عەرەبەوە ؟؟؟؟

چاوەڕێی دوو دێڕ وەلآمم . لەگەل ڕێزمدا حاجی ئەنوەر سویسرا2003/6/21

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.